*Kongra Netewiya Kurdistan*
*Kurdistan National Congress*
*Congrès National du Kurdistan*

KNK

*Rue Jean Stas 41 1060 Bruxelles tel: 00 32 2 647 30 84 fax: 00 32 2 647 68 49*
*Homepage:* www.kongrakurdistan.com *e-mail:* knk@kongrakurdistan.com

# ڕاگەیاندنی پشتیوانی لە خۆێندکارانی زانستگاکانی ئێران

هاونیشتمانانی بەڕێز،

بەپێی ئەو هەواڵانەی کە لە ئێرانەوە دێن، خوێندکارانی زانستگاکانی ئێران بە تایبەتی زانستگای تاران و ئیسفەهان و شیراز، لەو چەند ڕۆژەی دوایی دا لەدژی ڕێژێمی کۆنەپەرەستی ئێران چەندین خۆپێشاندانیان ڕێک خستووە. خۆپێشاندەران خوازیاری نەمانی حکوومەتی زۆر و تێرۆرن و هەروەها داوایان هاتنەسەرکاری حکوومەتێکی دێمۆکراتیکە لە ئێران.

ئەو داخوازیە ڕەوایانەی خۆپیشاندەران کە بێ شک ویست و داخوازیی سەرجەم گەلانی ئێرانە، لە لایەن ڕێژێمی سەرکووت گەر و کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی بەزەبرووزەنگ و گرتنی خۆپێشاندەران وەڵام دراوەتەوە. بە پێی هەواڵەکان لە تاران زیاتر لە 70 کەس بریندارە، لە شیراز یەک کەس کووژراوە و بە سەدان کەس لە هەموو شارەکان گیراون.

دڵنیاین کە ڕێژیمی ولایەتی فەقیە بە ئاگر و ئاسن و زەبروو زەنگ ناتوانێت پێش ویستی گەلانی ئێران و ڕەوەندی دێمۆکراتیزە کردنی ئێران بگرێت.

بیرۆی ڕۆژهەڵاتی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان وێڕای مەحکووم کردنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران و کردەوەکانی پشتیوانی خۆی لەو هەنگاوە پێویست و بوێرانەیەی خوێندکارانی زانستگاکانی ئێران دەردەبڕێت. هەروەها هیوادار و چاوەڕوانە کە گەلانی وشیار و تێکۆشەری ئێران هاودەنگ و پشتیوانی خوێندکاران و ویستە ڕەوا و دێمۆکراتیکەکانیان بن.

بەهیوای سەرکەوتنی خەباتی دێمۆکراتیکی گەلانی ئێران!

**کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان**

**بیرۆی ڕۆژهەڵات**

15-06-2003